# ڕێبەری داینگەکان

## بۆ داینگە حکومی و تایبەتەکان

وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی _ هەرێمی کوردستان

دانەی یەکەم

٢٠٢٤

# ناوەروک


| بابەت | لاپەر |
|---|---|
| ناوەروک | ٢ |
| پێشەکی | ٣ - ٥ |
| ئارمانج | ٦ |
| بەندی یەکەم : هاوپێچ کراوە | |
| بەندی دووەم:بەڵێننامە بۆ خاوەن داینگەکانی تایبەت | ٧-٢٢ |
| مـــــەرجەکانی کردنەوەی داینگە | ٨-١٠ |
| رێکارەکانی وەرگرتن و دانی مندالان | ١١-١٢ |
| ماف و ئەرکەکانی دایك و مندالان : | ١٢-١٣ |
| بادەکی مندال لە داینگە | ١٣-١٨ |
| ئەو راپورتانەی ڕەوانەی خێزان دەکات دەربارەی پروگرامی رۆژانەی مندال | ١٩-٢٢ |
| بەندی سێیەم | ٢٣-٣٧ |
| چوارچێوەی پروگرامی هونەری لەگەل مندال لە داینگە | ٢٣-٢٤ |
| پوختەی پروگرامی داینگە بە گوێرەی تەمەنی مندال | ٢٤-٣٧ |
| تەمەنی دوو مانگی تا یەك سالی | ٢٤-٢٧ |
| تەمەنی یەك سالی تا دوو سالی | ٢٧-٣١ |
| تەمەنی دوو سالی بۆ سێ سالی | ٣٢-٣٤ |
| تەمەنی سێ سالی بو چوار سالی | ٣٤-٣٧ |

# پێشەکی

وەزارەتی کاروباری کومەلایەتی لە رێگەی بەرێوەبەریەکانی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کومەلایەتیەوە ، بەشی سەرپەرشتی داینگەکان ، دامەزراندن بۆ باشترکردن و رێکخستی کاری داینگەکانی حکومی و نەحکومی ، بۆ ئەم مەبەستەش کۆمەلە رێنمای لەسەر بنەمای سیستەمێکی گونجا و گشتگیر دەرکراون.

زۆربەی ئەو رێنمایانەی کە رێکخستن بۆ کراوە ، زیاتر لایەنی کارگێرین ، رێکخستنی چوارچێوەی کاری دەستەکی ناو داینگەکان دەکات ، هەروەها رەفتار و مامەلەی پەیوەندیەکانی کارگێری لەنێوان کارگێری داینگە لەگەل ( دایك و باوکەکان ) ، هاوشێوەی رێکخستنی کارگێری لە نێوان بەشی داینگە و کارگێری داینگەکان دەکات.

بەلام مامەلەی دەستەی داینگەکان لەگەل مندال و چونیەتی پەرەپێدانی پرۆگرامی تەکنیکی لەناو داینگەکان وەك ئامرازێك بۆ پێرابوونەکانی دەستەکی ( چاودێر و ئەوانیتر ) لەگەل مندالان دیار نەکراون ، کە باشترین شێوەی پەروەردەکردنی مندال لەم کاتە دا کە بووە جێگای مەترسی تووشبوونی چەندین نەخۆشی و ئالۆزیەکانی کومەلایەتی لەسەر کەسایەتی مندال وەك :

١- لە سەرانسەری کومەلگای جیهانی ، چاودێری و پەروەردەکردنی مندالان لە تەمەنی داینگە دا بە زمانی دایکە و کەلتوری نیشتیمانی یە ، پێویستە لە هەرێمی کوردستانیش بە هەمان شێوە بێت ( لاوازیەکی گەورە کەوتووە لەم ئارمانجە لە داینگە لەناو سیستەمی داینگە لە هەرێم دا ).

٢- جیابوونەوەی مندال لە دایك و باوك لەو تەمەنەی لە داینگە وەردەگرێت ، کاریگەریەکی گەورەی دەروونی لە کەسایەتی مندال دەکات ، هەست بە نەئارامی و

ترس دەكات ، لەوانەیە بگاتە تروماێ ( پێویســتە كارمەندەكانی داینگە بزانن چون مامەلەكردن لەگەڵ دەكەن ؟ ).

٣- نەبوونی شــارەزایی كارمەندەكانی داینگە بە شــێوازەكانی مامەلەكردن لەگەل مندالانی لە تەمەنی داینگە دا ، كە زۆر پێویســتە شــارەزایی هەبێت لەو رێگە ســەردەمیانە كە لە بواری رەفتاركردن و فێركردنی مندال دا بەكاردەهێنن : ( سەرەدەریەكی دوور لە ترس و نەئارامی و توند و تیژی ، مندال هەست بە كەسایەتی خوی بكات ، بەهێزكردنی پەیوەندیە كومەلایەتیەكانی مندال ، ئەمەش هەموو بە رێگەی دووبارەكردنی رەفتارەكان ، بەكارئینانی هەســتەكانی خوی بەرێگەی یاری ( هزری و بیركردنەوە ) ، هەروەســا چیروك ، شــانوگەری ، گورانی و شــێوەكاری و چالاكیەكانی كاری دەســتی و فێركردن بە رێگەی ئەو  ماددەی لە بەردەســت هەیە نەك بە ئاخاوتن بێت) .

لەبەر ئەم هۆكارانە بیر لە دروستكردنی ئەم رێبەریە كراوە ، بو زانین بیروكەی ئەم پروگرامە لە پروگرامی یان فەلســەفەی مونتیســوری وەرگرتووە ،  بۆ ئەوەی لە ئاوەدانكرن و فێركردنی كەســایەتی مندال  دا بەركاربهێنرێت ، كە ئەو ســتوونە سەرەكیانەی فەلسەفەی مونتیسوری لەسەر چووە و پەیرەو كراوە ئەمانەن :

- ستوونی ژیانی رۆژانە (كرداری) ، ستوونی ژیانی هەستەكان ، ستوونی ژیانی فێربوون ، ستوونی ژیانی شارەزایی رەوشەنبیری.

ئەمە هاوكاری خێزانی مندال دەكات بۆ ئاوەدانكردنی كەســانی هوشــیار و تێگەیشــتوو ، وە كەســانی دلســۆز  و خویشــەویســتی بۆ وەلات و خێزان هەبێت ، هەروەها پالپشتی مندال دەكات بۆ داهێنان و فێربوونی  رێگە نوێیەكان كە مێشكی مندال كراوەتر و پێشكەوتووتر دەكات.

لەلایەن حکومەتیشەوە بەدەستهێنانی تەخ و توێژیکی نوی منداڵەکانی پێگەیشتوو ، وە لە ئاستێکی بەرزی بیرکردنەوە دا ، هەروەسا چونیەتی کارکردن بۆ بەڕێوەبردنی وەلاتی خوی.

# ئارمانج

ڕێکخستن و جێبەجێکردنی پروگرامەکانی پەیوەندی بە چاودێری و ئامادەکردنی منداڵان هەیە ، وە باشتر چاودێری و فێرکردنی سەرەتایی بۆ منداڵان لە تەمەنی پێش چوونەوە بۆ قوتابخانە وە ئامادەکردنی ژینگەیەکی ئارام و پشتەوانی بو منداڵەکانی لە تەمەنی بچووك دا ، چونکی منداڵ دەتوانن فێر ببن و گەشە بکەن وە بەشێوەیەکی تەندروست پێشکەوتن بەخویەوە ببینن.

# بەندی دووەم

## بەڵێننامە بۆ خاوەنداینگەکانی تایبەت

من هاولاتی ............................................... خاوەنی / نێ داینگە ...................................

دەرچووی /یێ ..........................دانشتوی / یێ ..............................

بەڵێن دەدەم پێگیر بم بە هەموو یاسا و رێنما و مەرجەکانی کردنەوەی داینگەکانی تایبەت , بە پێچەوانەی ئەم چەندە بەرپرسیارم بەرانبەر هەر پێرابوونێکی یاسایی .

مەبەست لە کردنەوەی داینگە ، پێویستە لەسەر داینگە کە رێخوشکەر بێت بۆ گەشەکردنی مندال لە روویی جەستەیی وپاراستنی دەروونی لە هەر ئازارێك ، هەروەها ئاوەدانکردن و بەهێزکردنی رەفتاریان بە رێگەی نوێترین بەرنامەکانی پەروەردەیی و فێرکردن و کومەلایەنی.

## مـــــەرجەكانی كردنەوەی داینگە :

١- پێویسـتە ناوی داینگە بە زمانی كوردی بێت و تابلوی داینگەش بە كوردی دابنرێت كە پێچەوانە نەبێت لەگەل داب و نەریت و رەوشـتی كومەلگای كوردەواری ، وە بە بێ ئاگاداری بەرێوەبەرایەتی ئێمە ، نابێت ناو و شوێنی داینگە بگورێت .

٢- دەسـتەی داینگە پێك هاتبێت لە بەرێوەبەرێكی ژن كە مەرج نییە دەسـتویری بە ناوی ئەو بێت ، لێكولەری (كومەلایەتی یان دەروونی) هەبێت ، ماموسـتا ، دادوك بە پێی رێنمایەكان وەربگرێت ، پەرسـتیار مەرجە دەرچووی پەیمانگەیەكی تەندروسـتی بێت ، گرێبەست لەگەل پزیشكێكی مندالان بكرێت ، كادری خزمەتگوزاری.

٣- مەرجە پشـكنینی تەندروسـتی بو گشـت دەسـتەك ( سـتاف ) بكات ، هەر شـەش مانگ دووبارە بكرێت ، هەروەها بو هەر مندالێكی لە داینگە وەردەگرێت .

٤- هەر فەرمانبەرێكی لە داینگە كار دەكات ، پێویستە گرێبەستی كار هەبێت و دانەیەك لە گرێبەستەكە بۆ بەرێوەبەرایەتی گشتی رەوانە بكرێت .

٥- مـەرجە كارمـەندەكانی داینگە لە پێش دەسـتبەكاربوون ، بەپێی رێنمایـەكان دەبێت بەشداری لە خولێك دا بكات .

٦- لە سـەرەتای كاری داینگە بو هەر مندالێك مانگانە كوژمی (١٠٠٬٠٠٠) سـەد هەزار دینار لە سەمیانەكان وەردەگرێت. وە دوای بەدواداچوون لیژنەی تایبەت زیاد كردن یان كەمكردن دەكرێت، وە بە پسولە بێتە وەربگرێت.

٧- ماوەی دەوام لە دەمژمێر (٧٬٣٠) حەوت و نیو دەستپێدەكات و تا (٣) سێی دوای نیوەرۆ كوتایی دێت ، ئەگەر پێویسـت بوو بەپێی بەرژەوەندي مندال و خێزانەكانی ، داینگە دەتوانێت كاتی دەوام زیاتر بكات ( دوای رەزامەندی بەرێوەبەرایەتی گشتی ).

٨- پروگرامێك هەبێت كە گشت چالاكی تێدا دیاری بكرێن و پێویستە مانگانە ئەم چالاكیە بۆ بەرێوەبەرایەتی گشتی رەوانە بكرێن .

٩- خارنا زاروكان ل سپێدێ و نيڤرو دڤێت ب خشتێ هەڤپێچ و مەرجێن پشكا خو پاراستنا ساخلەميێ بن ل رێڤەبەريا گشتى يا ساخلەميا دهوكێ و لديف پێدڤيا زاروكا بيت .

١٠- پێويستە بو (٦) مندالانى كەمتر لە ١ سالى يەك ( دادوك ) ، بو هەر (٨) مندالانى لە تەمەنى (٢-٣) سالى يەك ( دادوك ) ، بو هەر (١٠) مندالانى لە تەمەنى (٣-٤) سالى يەك ( دادوك ) هەبێت.

١١- ئەگەر داينگە پێگير نەبيت بە ياساو رێنما و بەڵێننامە دواى پێدانى موولەت ، ئاگادار دەكرێتەوە و پێرابونەكانى ياسايى لەگەل دەكرێت و مافى هەلوەشاندنى موولەتى داينگەش هەيە .

١٢- هەر داينگەيەكى دەست لە كارێ خوى بەربدات يان لە جێگاى خوى بگوازرێتەوە ، پێويستە پێشتر بەرێوەبەرايەتى گشتى ئاگادار بكرێت .

١٣- لەسەر داينگە پێويستە تومار و فورمى توما هەبن بو مندال و دەستەكى داينگەش وەك : تومارى هاتن و دەرچوون ، تومارى سەردان ، تومارى تەندروستى ، هەروەها بادەك بو هەر فەرمانبەرێك هەبێت تێدا باوەرنامە و كارتى تەندروستى ، گرێبەستى كار و وێنە و كارتى نيشتيمانى ، هەروەها بو هەر مندالێكيش بە هەمان شێوە.

لە لایەن بینایەکە :

١. پێویستە خانوو بە گوێرەی ڕێنمایەکان دابین بکرێت و هەموو مەرجەکانی هونەری و تەندروستی تێدا هەبێت وەك :

٢. پێویستە خانوویەکە لە کەرەستەکانی سەرەکی ئاوەدانکردنەوە دروستکرابێت ، وە دابینکردنی گشت مەرجەکانی تەندروستی و ژینگەیی و پاراستنی گشتی ، بینایەکەی ئەردی بێت و جودا بێت.

٣. ژووری نووستن جودا بن لەگەل تەمەنی مندال ، هەروەها ڕۆناکی و کەش و هەوای ژوورەکە لە گەل هەموو وەرزەکانی سال گونجاو بێت.

٤. ژووری یاریەکان هەبێت ، ژووری فێرکردن هەبێت لە گەل هەموو پێداویستیەکان کە لەگەل تەمەنی مندال گونجاو بێت ، ژووری خواردن هەبێت.

٥. ژوور بو بەرێوەبەر و ماموستا و لێکولەر هەبێت ، هەروەها جێگای دەستشوو هەبێت و لە گەل تەمەنی مندال گونجاو بێت ، جێگای گونجاو بۆ پرسگە لە بۆ پێشوازی مندال و خێزانەکانی.

دانەیەك لە ناسنامەی باری شارستانی

دانەیەك لە جێنشین ( ئیقامە ) ئەگەر بیانوو بێت

دانەیەك لە باوەرنامە

پەنجەموری خاوەنی داینگە

ژمارەی تەلەفون .......................................،......................

من متمانە بە دروستی مووركردنی بەڵێننامەی هاولاتی (......................................) هێناوە بەو ناسنامەی لە سەرەوە ناسراوە ، هەروەها من ناوەرۆكی بەڵێننامەكە بو خواندووە وە لە بەردەم من موور کرا لە ڕێکەوتی / / ٢٠٢

## ڕێکارەکانی وەرگرتن و دانی منداڵ

١. دایك منداڵ رادەستی دادوکی منداڵ یان ئەو دادوکەی ئامادە ، لەگەڵ هەموو پێداویستیەکانی منداڵ ، وە منداڵ بە پاکی رادەست بکات .

٢. دەبێت دادوکی بەرپرس لە سەر هەر تێبینیەکی تەندروستی منداڵ ئاگادار بکرێت .

٣. نابێت منداڵ بێنێت ئەگەر توشی تایێك یان هەر نەخۆشیەکی تر بێت ، ئەمەش بۆ پاراستنی هەموو منداڵان ، ئەگەر دایك هەر هێنا ، منداڵەکەی لەو رۆژە وەرناگرێت .

٤. بە هیچ شێوەیەك نابێت ( دادوك ) چارەسەریەك (علاج) بداتە منداڵ .

٥. نابێت دایکی منداڵ هیچ جورە خواردنێك یان شیرینای بێنێت ( کێك ، شەربەت ، چپس ،خواردنەکانی سۆك ،.....).

٦. دەبێت دادوك بەرپرسی داینگە ئاگادار بکات کە دایکی منداڵ دەبێت روژانە پروگرامی روژانە لەسەر منداڵی خوی وەربگرێت یان یەکسەر لەگەڵ دادوك قسە بکات.

٧. پێویستە دادوك پشکنینێکی باش لە منداڵ بکات لە پێش وەرگرتن ، و ئەگەر هەر نیشانێك یان برینێك دیت ، یەکسەر دایکی منداڵ و بەرپرسی داینگە ئاگادار بکات.

٨. دایك پەیوەندی بۆ تێلەفونی داینگە بکات ئەگەر پێویست کرد.

کاتی وەرگرتنی منداڵ ، دەبێت چانتەی منداڵ پشکنین بکەن .:

١. دەبێت چانتەی منداڵ ناوی لە سەر بێت و پاك بێت و هەموو پێداویستیەکانی منداڵ تێدا بێت ناڤێ وی لسەر بیت و پاقژ بیت و هەمی وەك .: جل و بەرگی زیادە ، خاولی ، کەرەستەك کە بو زریانی پێست بەکاردەهێنرێت ، داپیەر ،.....

٢. هێنانی شیری تایبەت بو منداڵ ، ئەگەر منداڵی بە شیر بیت یان هەموو جوری شیر ڤەنەخوات ، بوتلی شیر .

٣.هێنانی شامپو ، کلینسی شل ، کلینسی ووشك ، ئەگەر دایك بیەوێت بۆ منداڵەکەی بەکاربێنن.

٤.چوارچێوەیەکی سۆك لەگەل بالیفکی مندال یان هەر پێداویستیەکی تر بێت ، وە لە کوتایی هەفتە بۆ دایك دەنێرێت بۆ ئەوەی بشوات و خاوێن بکات.

ڕێکارەکانی وەرگرتن :.

١. داینگە دەرگای خوی دەگرێت لە دەمژمێر ( ) ، لەسەر دایك پێویستە پێش ئەو کاتە بینن.

٢. لەسەر دایك پێویستە داینگە ئاگادار بکات ، کام کەس هەلدەستێت بە وەرگرتن و دانی مندال و ناوەکانی دیار بکات ، ئەگەر کەسێکی تر بێت دەبێت داینگە بەدواداچوون بکات ئایا ئەوە کی یە بە ڕێگەی ناسنامەکەی ، ئەگەر دیار نەبێت لەو کاتە مندال پێی نادات.

## ماف و ئەرکەکانی دایك و مندال :.

١. بۆ هوشیارکردن و هاندانی دایك لەسەر شیردانی سروشتی ، داینگە کاتی هاتنی دایك دەستنیشان دەکات لە دەمژمێر ( ) ، بە مەرجێك لەگەل دابینکردنی ژووری شیردان نەك لە ژوورەکانی مندالان بێت.

٢.داوا لە دایکەکان دەکەین هاورێکانی خوی نەهێنن لە کاتی سەردانی داینگە دەکەن.

٣.نابێت مندال هیچ جورە ئیکسسواراتێك لەبەر بکات ( زێر ، زیڤ ،....) ، چونکی داینگە بەرپرس نییە لە بزرکردنەوە.

٤.نابێت دایك منداڵی خوی بێنێتە داینگە ، ئەگەر مووڵەتی ســاڵ هی نەخۆشی وەرگرت بێت .

٥.دایك دەتوانێت ئاگاداری بەرپرسی داینگە بکات لە ســەر هەر ئاریشــەك لەگەل دادوك یان منداڵەکە هەبێت.

٦.ئەگەر منداڵ توشی هەر شتێك بوو ، پێویستە دایکی منداڵ داینگە بە نووسراوەیەکی دەستی ئاگادار بکات ، هەروەها داینگەکەش بە هەمان شێوە .

٧.دایك دەتوانێت منداڵی خوی ببینێت بە شێوەی ئونلاین بە رێگەی کامیرە .

بادەکی ( فولدەر ) منداڵ لە داینگە

فولدەری کارگێری .: کە پێکدێت لە بەلگەنامەکانی منداڵ ( ناسنامەی منداڵ ، بەلگەنامە لە دایکبوون ) و ...

فولدەری تەندروستی .: کە پێکدێت لە کوپیەکی ( کارتی خواردنەوە ، فورمی تەندروستی منداڵ ، سەردانەکانی پزیشك، .....).

فولدەری کارەکانی منداڵ :. کە پێکدێت لە چالاکیەکانی ، بەرەوپێشچوونی فێربوونی منداڵ بە پێی تەمەنی ئەو ، کاری باش ، وێنەکانی ، کاری دەستی....

ئاگادارم لەسەر رێنمایەکانی داینگە ، ئیمزا دەکەم و پێگیر دەبم

ناوی دایك : . ...................... ئیمزا : . .................................. مێژوو : ................................

## خو پاراستن له پەتا و نەخوشییەکان :

دایـنگە بـەرپرسـیـار نییـە کـە منـدال پـەیایـەك یـان نـەخـۆشـیـەك لـێ بێـت ( بـەرزبوونی تا ) وەربگرێت ، بەلام کە مندال لە کاتی لە داینگە توش بێت دەبێت داینگە رێکارەکانی خوی وەربگرێت بو سەرەدەری و نەهێلانی بلاوبوونەوە لە ناو مندالەکان دا .

١. دووچونی نەخۆش دەکات و نەهێلانی بەلاوبوونی .

٢. پشکنینی سەرەتایی بۆ مندال دەکەن لەرێگەی پەرستیار ، تەنها حەواندنی ئەوان .

### بەرپرسیاریەتی

بەرپرسی داینگە بەرپرسە لە ئاگەهداری دایك لە حالەتی پەیوەندی بە تەندروستی مندال هەیە .

### پێرابون

نابێت مندال بێتە داینگە بو پاراستنی مندال .:

١.ژمارەی تایەکەی زیادتر بێت لە (٣٨) ژمارە سەدی .

٢.نەخۆشی زکچوون یان قەبزبوون و ... .

٣.نەخۆشی وەك هەستیاری ( حەساسی ) هەر جورەکانی ، بەرزبوونی تا ، رشك و سپیهـ .....هتد

## ئەگەر منداڵ لە داینگە توش بێت :

١. تای منداڵان پشکنین دەکەین وە لە منداڵان دوور دەکەین.

٢.ئاگەهداری سەمیانی منداڵان لە نەخوشیەکەی وە بە زوترین کات منداڵەکەی خوی بباات .

٣. لە رۆژی دواتر منداڵ ناوەرگرێت گەر راپورتی پزیشـکی لەگەڵ نەبێت ، بۆ دڵنیابوون کە منداڵ چ نەخۆشیەکی بلاوبووی نییە  و چی مەترسی لەسەر نییە.

ئایا مندال  پێویستی بە ترومبێلی  داینگە هەیە بۆ ئینان و بردنەوەی ئەو ؟

ناوی شوفێر :                                                    نرخی هاتوو چوو  :بەهای وەرگرتنی

مندالان لە داینگە بۆ یەك مانگ (                    ) ، بۆ دەمژمێرەکانی زیادە (                    )، بەهای

گشتی (                    )

مەرجەکانی پاراستن و هاوکاری دایک و باوك لەگەل داینگە :

دایک و باوکی  هێژا : بۆ ئەوە مندالەکەت لە لایەن داینگەی ئێمە پاراستی بێت ، هاوکاری ئێوە لەگەل ئێمە زۆر پێویستە ، و هیواداریین ئەم خالانەی خوارەوە لەبەرچاو بگرن.

١. بو چاودێریکردنی مندالەکەت پێویستە ( جل و بەرگی زیادە و کەل و پەل و پێداویستیەکانی پاك و خاوێنی وەک بەتەنیەکی بچووک لەگەل بالیفکێکی تایبەت و حەفازە و .....هتد) لەگەل مندال بێت و نابێت  مندال بە جل و بەرگ و حەفازەی شەو بێنێتە داینگە.
٢. بوتلی شیر نابێت بێ قەباغ بێت و کات بۆ کات بگورێن و لە جوری شوشە یان پلاستیکێکێ لە جوری باش بێت.
٣. قەدەغەیە مندال ئیکسسوارات ( زێر ، ...................................... ) لەبەر بکرێن.
٤. نابێت مندالی نەخوش بێتە داینگە ، ئێمە بە تێلەفون لە سەر نەخوشیەکە ئاگادار دەکەی وە بو مولەت وەرگرتن تاکو تەندروست دەبێت.
٥. لەو کاتەی کە داینگە هەست دەکات مندالەت ناخۆشە ، یەکسەر تێلەفون بۆ ئێوە دەکات و دەبێت بەزوترین کات مندالەکەی بیبەنە لای نوژدار وە بۆ ئەوەی مندال جارێکی تر بگەرێتەوە داینگە دبێت هی تەندروست بێت ( دەستویری نوژداری هەبێت).

٦. بەرپرسیاری  دانی دەرمانەکانی مندالان هی دایک و باوکە بە هیچ شێوەیەك دەرمان وەرناگرین و بە مندال نادەین ، لەبەر ئەگەرەکانی پەیوەندی بە پاراســتنی مندالەکان هەیە.

٧. نابێت دایک و باوك کێک و شـــەربەت و چپس لەگەل مندال بنێرێتە داینگە ، مندالەکەت لە لای ئێمە پاراستووە بە خواردنێکی تەندروست و فێری مێوەکان بکەین وەک : سێو ، موز ، هرمیک ........................ هتد )

٨. بەشداری ئێوە گرنگە لە کۆبونەوەکانی لە داینگە ساز دەکرێت بو ئالوگوری و زانیاری لەسەر وەرار و پێداویستیەکانی مندال                 و دایک و باوکی و هاوکاری ئێمە.

٩. بەهای وەرگرتنی مندال لە سەرەتای مانگ وە لە کاتی تومارکردن بە تەمامی بە رێگەی پسولەی ژمێریاری بە مووری بەرێوەبەری گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کومەلایەتی وەردەگرن .

١٠. داینگە لە دەمژمێر (                        ) دەگرێت وە دەبێت دایک و باوك پێگیری بەم کاتە بکەن.

دایک و باوك رازینە کە وێنەی مندالانی ئێوە لە تورِی کومەلایەتی پەیوەندی بە داینگە بلاوبکرێن ؟

بەلێ (        ) ، نەخێر (        )

١١. دایک دەتوانێت سەردانی داینگە بکات بۆ شیردانی مندالەکەی لەو دەمژمێرەی لەلایەن داینگەکەوە دەستنیشانکراوە.

١٢. داوا لە دایکەکان دەکەین هیچ هاورێکەك لەگەل خوی نەهێنن.

١٣. دەبێت دایك و باوکی مندالان رێز لە دەســتەی داینگە بگرن وە ســـەمیانی  مندال هەر ئاریشـــەیەك هەبێت پێویســتە خاوەنی داینگە ئاگادار بکات بو چارەســەری ، ئەگەر

چارەسەر نەبێت پێویستە ئاگاداری بەشی داینگە لە بەڕێوەبەری گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەلایەتی بکەن.

من وەک سەمیانی مندال ، رازیم لە سەر ئەو مەرجانەی کە لە سەرەوەرە دیار کراون ، وە لە بەر ئەوە من لە خوارەوە ئیمزا کراوە.

مێژووی تومار :....................................................... بەرپرسی

داینگە : ........................................................................................................................................

ناوی سێ قولی سەمیان ئیمزا و مووری داینگە

## ئەو راپورتانەی کە بو خێزان ڕەوانە دەکرێن دەربارەی پروگرامی ڕۆژانەی مندال

ئەمرۆ من خوارد ..............................................................................................

نانی بەیانی ( تێشت )

...........................................................................................

خواردنی سووك ( بەر فراڤین )

..............................................................................

نانی نیوەرۆ ( فراڤین )

..........................................................................................

پشوی من ئەمرۆ :.

لە دەمژمێر ................................ هەستاوم دەمژێر ..........................

لە دەمژمێر................................ هەستاوم دەمژێر...........................

لە دەمژمێر................................ هەستاوم دەمژێر...........................

ئەمرۆ من یاری کردوون وە فێری ئەمە بووم :.

## راپورتی رۆژی من لە داینگە

ناو: ........................................................................

رۆژ: .......................................................................

## دەمژمێرەکانی کاتی نووستنم :.

دەمژمێر................................................ تا ...................................

دەمژمێر................................................تا ....................................

## ڤەخواردنی من ئەمرۆ :.

دەمژمێر :. ...................................

دەمژمێر:. ....................................

## خواردنی من ئەمرۆ :.

خواردن ............................ دەمژمێر ............................. خۆش بوو ............. ناخۆش بوو ...........

خواردن ............................. دەمژمێر ............................. خۆش بوو ............... ناخۆش بوو ...........

خواردن.............................. دەمژمێر ........................... خۆش بوو ............... ناخۆش بوو ............

: یاریەکانی من هی ئەمرۆ :.................................................................................................

.................................................................................................................................

ئەمرۆ من پێویست بە :. خاولی کلینسی شل جل و بەرگ شیر هتد

## راپورتی منداڵەکانی شیرخواردوو

ناو :.........................................................................

ڕۆژ :........................................................................

### ئەمڕۆ من خوارد :

نانی بەیانی :.........................................................................................................

هەموو کەمێك من نەخواردووە

خواردنی سووك ( بەر ڤراڤین) :..............................................................................

هەموو کەمێك من نەخواردووە

نانی نیوەڕۆ :...............................................................................................................

هەموو کەمێك من نەخواردووە

### ژمارەی شیر کە من ئەمڕۆ خواردووە :

دەمژمێر :.................. پێوەر (ملم) ............... دەمژمێر :............. پێوەر (ملم)........

دەمژمێر :.................. پێوەر (ملم) ............... د ەمژمێر :............. پێوەر (ملم)........

### ئەمڕۆ پاککراوم :

چەند جار ١ ٢ ٣ ٤ ......... وە هی :. ئاسایی بوو شل بوو ووشك بوو.

**کاتی نووستن :.** لە دەمژمێر ..................... تا دەمژێر .......................

**هەستی من ئەمڕۆ :.** کەیفخوش بێدەنگ ئاڵوز

**من ئەمە کردووە :.** من لە ناو باخچە داناوم ، من یاری لە ژۆری یاریەکان دا کردوون ، بەو یاریانەی لە تەمەنی من .................

تێبینی لە (دادوك)...........................................................................................................................

تکایە ئەم  پێداویستیانە بێنن :

خاولی :......................................     کلینس :....................................... شیر

(بوتل):..............................................، شامپو:...................................... جل و بەرگ

:................................... هتد :....................................................

# بەندی سێیەم

## چوارچێوەی پرۆگرامی هونەری لەگەل منداڵەکان لە داینگە

پرۆگرامی داینگەکان بە پێی تەمەنی منداڵ رێکخستووە ، بۆ ئەوەی ببێتە رێبەرێك بۆ ئەو کارمەندانەی لەگەل ئەو منداڵانەی لە داینگەکان وەرگرتوون کار دەکەن ، چالاکیەکان هەر لە تەمەنی لە دایکبوون تا چوار سالی رێکخستووون : رێنیشاندەری چالاکیەکانی ئەو کارمەندانەی لەگەل منداڵان لە داینگە کاردەکەن لە تەمەنی لەدایکبونیەوە تا یەك سالی :

- رێبەری چالاکیەکانی ئەو کارمەندانەی کاردەکەن لەگەل منداڵانی داینگە لە تەمەنی یەك سالی تا دوو سالی
- رێبەری چالاکیەکانی ئەو کارمەندانەی کاردەکەن لەگەل منداڵانی داینگە لە تەمەنی دوو سالی تا سێ سالی
- رێبەری چالاکیەکانی ئەو کارمەندانەی کاردەکەن لەگەل منداڵانی داینگە لە تەمەنی سێ سالی تا چوار سالی

ئەم رێبەر و بیروکەیە لە رێبەرێکی هاوولاتی ئوردنی وەرگرتوون ، کە بە گوێرەی پرۆگرامی ماریا مونتیسوری کە فەلسەفەیەکی فێرکردنە لەسەر فێرکردنی کەسایەتی ..... ئەم نوژدارە ئیتالی یە ( ماریا مونتیسوری ) ل چەرخێ بیستێ داهێنایە ، جەخت لەسەر فێربوونی کەسایەتی لە ژینگەیەك دا کە تایبەت بو پێداویستەکانی زاروك رێکخستووە.

ئارمانج لەم فەلسەفە ئەوە :

- ئازادی مندال .
- ئاوەدانکردنەوەی دەوروبەرەکانی مندال لە ڕێگەی بەشداری ئەو لە گەل ژینگەی دەوروبەر .
- نیاسینی ژینگەی لە ڕێگەی هەستەکانی خویەوە .
- فێرکردنی مندال دەربارەی رەفتا و سەرەدەریەکانی ئەرێنی لەگەل دەوروبەرەکانی خوی .
- رێزگرتنی مندال بو ژینگە و سیستەمی ژیان.
- بەهێزکردنی لایەنی کومەلایەتی و دەروونی مندال و متمانە بە خوبوون .

## پوختەی پروگرامی داینگەکان بە پێی تەمەنی مندال

### تەمەنی دوو مانگی تا یەك سالی

| قوناغی دوو مانگی | |
|---|---|
| چاودێری مندال | • گەرانەوەی سەری مندال بۆ وەرگرتنی شیری بە شێوەیەکی هێور و تەندروست.<br>• شێوازی هەلگرتن و دانانی مندال.<br>• گوێ لە دەنگەکان هەیە .<br>• مندال دەخرێتە لە سەر پشت یان لە سەر زك. |
| خوارن وقەخواردن | • خواردنی شیر.<br>• (١٩) دەمژمێر نووستن. |
| نووستن | • دانی شیر و گورانی ووتنەوە |
| پاککردن | • لە جێگای گورینی مندال بە شێوەیەکی رێکخستی رۆژانە پاك دەکرێتەوە. |
| فێرکردن | • چالاکی ( دەنگ لە کوێ دێت) ، خشخشوکی من .<br>• چالاکی ( دەستی خوم درێژ دەکەم ). |

| | |
|---|---|
| | • چالاکی ( ئەستێرەی من هی گەورە ، ڕەنگێ شین یان سور به روناکی بریسقەدار (لەمماع). |

| قوناغی چوار مانگی | |
|---|---|
| چاودێری منداڵ | • منداڵ دادەنێته له سەر مێزی خواردن .<br>• بەخێرهاتنی بەیانی ( تو بەخێرهاتی بو داینگە ) .<br>• لەگەل هاوڕێکان دادەنیشێت. |
| خواردن و ڤەخواردن | • خواردنی شیر .<br>• له کاتی خواردن منداڵ دەستی خوی دەکاته لەناو دەمی خویەوە یان دەست به گریان دەکات. |
| نووستن | • دانی شیر و گورانی ووتنەوە. |
| پاككردن | • بوونی من هی خوش ( بوون خوشی ). |
| فێرکردن | • چالاکی ( دەنگی من ) ، منداڵ دەنگەکان دەکات وەك پیتی (ر ، د ، ت ، م ب) .<br>• چالاکی ( ئاوێنەی / خودیکی من) .<br>• چالاکی ( دەستی خوم دەگەینمە یاريك ) .<br>• چالاکی ( یاریەکانی من ) سندوقی یاری یان بالوفكەکانی گەورە له دەوروبەری منداڵ .<br>• چالاکی ( قەبارەی دەستی من) ، منداڵ دەتوانیت یاری هەلبگرێت و دانێت به پێی قەبارەی دەستی خوی.<br>• چالاکی ( یاری خۆشاردنەوە ) gggg وە .<br>• چالاکی ( گورانی ووتن ) . |

| قوناغی شەش مانگی تا یەك سالی | |
| --- | --- |
| چاودێری مندال | • بە تەنیا دادەنیشێت.<br>• یاری بە تەنیا دەكات .<br>• بردن بۆ ناو باخچە. |
| خواردن و ڤەخواردن | • تامی خواردن دەزانێت ، لەبەر ئەوە دەكەینە لە ناو كورسیك دا وە خواردن پێدەدەین .<br>• كوپی شیر دەداتە مندال بۆ ئەوەی شیر ڤەخوات ، ( دادوك ) لە بەرانبەر مندال دادەنیشێت ، وە مندال كە لە كورسیك دایە و كوپی شیر لە دەستدایە ، ( دادوك ) لە بەرانبەر ئەو شیر ڤەخوات بۆ ئەوەی منداليش چاولێكردنی ئەو بكات.<br>• خواردن دەخوم .<br>• سێنیكێك لە بەرانبەر مندال كە مێوەكان تێدا بێت ، تو دەیەوێت كام مێوە بخوی ؟ وە ناوەكانی پێی دەلێین .<br>• بەكارهێنانی كاچك .<br>• من بە دەستی خوم خواردن دەخوم.<br>• خواردنی خێزان ئاسایی دەخوات.<br>• لە پێش خواردن دەلێین ( یا خوا) لە پاش خواردنیش دەلێین ( سوپاس بو خوا ، دەستەكانی نەئێشن بو بەرپرسی لێنانگە ) |
| نووستن | • لەگەل هاورێكانم دەخەوم . |
| پاككردن | • لە كاتی خۆ شل كردنەوە گری دەكات .<br>• ژۆر یان یاریەكان رێكوپێك دەكەین.<br>• با جلكەكانی بگورین و ( دادوك ) هاوكاری دەكات بۆ خستەوە.<br>• لە پاش خواردنەوە دەستەكانی دەشوین و پیشاندانی شوشتنەوە. |
| فێركردن | • چالاكی ( چیروكی من كە وێنەی گەورە تێدا هەن ) .<br>• چالاكی ( كوپی شیر ) . |

| | |
|---|---|
| • چالاكى ( موكەعەبەكانى من هى نەرم ) رەنگ ( شين و سور) .<br>• چالاكى ( ميوزيك ) چون ميوزيك دروست دەكەين.<br>• چالاكى ( گورانى بە كوم ) ، شانوگەرى.<br>• چالاكى ( كوممەلە ياريكێكى صوفى بۆ مندالان وەك : پشيلە ، وەردەك ، هتد....) ئەوانەى دەنگ دەكەن بۆ ئەوەى مندال بزانێت.<br>• چالاكى ( نياسينەوەى خێزان ) وێنەكانى خێزان ، ئەمە دايكە ئەمە باوك وە بەم شێوەيە .<br>• چالاكى ( گورانى ووتن و چەپلە لێدان ) .<br>• چالاكى ( چيروكى مێوەكان هى وێنەدار ) ، زانينى ناوەكانى وە سوودەكانى ، هەروەها هەر يەك چى دەخوات.<br>• چالاكى ( من كێم ) بەكارهێنانى خوديك ، نيشاندانا زاروكى دەستێن خو دانيتە بەرامبەرى چاڤێن خو و پاشى چاڤێن خو ڤەدكەت و دبيژيت ناڤێ خو وەك ( من پاوانم ) . | |

تەمەنى يەك سالى تا دوو سالى

| قوناغى يەك سالى تا دوو سالى | |
|---|---|
| • مندال دادەنينە لە سەر دوشەكێكى خاوێنكراو ، وە هەندێك موكەعەبى ئيسفەنجى دادەنينە بەرانبەرى ، وازى لێ دێنين بۆ ئەوەى بە ئازادى يارى بكات بێى ئەوە راسپاردە پێبدەين ، بۆ ئەوەى بزانين ئايا مندال دەتوانيت كەلايەك لە سێ موكەعەب دروست بكات.<br>• چاودێرى مندال دەكات ئايا ئاگاى لە دەوروبەرى خوى هەيە. | چاودێرى مندال |

| | |
|---|---|
| • چوون بۆ لەناو باخچە ، ( دادوك ) شتەكانى دەوروبەرى منداڵ پێدەناسێنێت ، پاشان وازی لێ دێنێت و چاودێرى دەكات.<br>• هەر منداڵێك دەتوانێت ئەو یاریەی دەیەوێت بچێت ببینێت ، ( دادوك ) پێی دەڵێت : تو چی هێناوە ؟ ناوی ( یاری پیشاندەدات ) وە پاشان وازی لێ دێنێت بۆ ئەوەی بە ئازادی یاری بكات.<br>• ( دادوك ) سەرنج دەكات لە كاتی ناوی منداڵ دەڵێت دەسورێتەوە.<br>• چاودێرى منداڵ لە كاتی لادانی لاپەڕەكانی چیرۆك.<br>• بە تەنیا لە ناو باخچە دا هاتوو چوو دەكات بێی ئەوە دەستی بگرێت.<br>• ئەو یاریەی بە پاتری كار دەكات ، ئایا چوون دەكرێتەوە ، ئایا منداڵ دەتوانیت بكرێتەوە؟.<br>• چاودێرى منداڵ بو بەكارهێنانی رەنگی پلاستیكی و كێشان و وێنەی بەرەلایی.<br>• لە كاتی یاری بە تەنیا رادەوستیت.<br>• یاری بە دروستی بەكاردەهێنێت ، تێلەفونی یاری دەداتە بەر گوێی خوی .<br>• یاری هەویری بە ئازادی .<br>• یاری پازل و تەنها چاودێرى دەكرێت ئەگەر هاوكاری بیەوێت .<br>• یاری رەمل. | |
| • بە كوپی شیر یان ئاو خواردنەوە وەك چالاكیش لە منداڵ ئەنجام بدەین.<br>• لە پاش خواردن جێگای خوی پاك دەكەین ، بۆ ئەوەی بزانن دەبێت هاوكاری پاككەرەوە بكەین . | خواردن و ڤەخواردن |

| | |
|---|---|
| | • پێویستە دەستەکانی خوی لە پێش و پاش خواردن خاوێن بکەین. • بەدواداچوون مندال لە کاتی خواردنی شتێکی ووشـك وەك (پسکێت) کە دەبێت باش ( پارچە پارچە بکات ). • تو کێك یان نان یان شــیر دەیەوێت ، بۆ وەرگرتنی بۆچوونی ئەو وە فێرکردنی ناوەکانی خواندن. • خواردن دەگریت و دەخوات. • ئامادەکردنی سفرەی خواردن . وەك چالاکیش ئەنجام دەدرێت. • ناوی خواردنەکان : پەنیر ، ماست ، نان ، ... • سوودەکانی شیر یان هەر خواردنێکی تر . |
| نووستن | • جێگای بۆ نووستن تەرخانکراو • جێگای تەرخانکراوی نووستن . |
| پاککردن | • چوون دەستەکانی خۆمان خاوێن بکەین. • جێگای گوهرینی مندال. • چاودێری ئەو دەکات کە چەند دەتوانێت جلەکانی خوی بگورێت ..( پێلاو ، کولاو،چاکیت). • چوون لوتی خۆی پاك دەکەین ؟ |
| فێرکردن | • چالاکی ( وەرزش ) ، شەمەندەفر .. گورانی • ئەز شوخێمە شەمەندەفرا ..... بلەزم لسەر هێلا ئاسنی دچم شوخێمە هەمی زاروکا دگەل مندا هەلگرە دێ دگەل وان لدور وەلاتی زڤرین (شوخێمە)ئەز شەمەندەفرا بلەزم (شوخێمە) . • چالاکیا ( پیشاندانی ئەندامەکانی لەش ) کوا لووتی من ؟، بەکارهێنانی بووکی لاستیکی . • چالاکی ( رێکوپێککردنی یاریکەکان ) لە دوای کۆتایی دێن . • چالاکی ( یاری مال مالەکان ). |

| | |
|---|---|
| • چالاکی ( زمانی من ) وێنەی ( مال، دار، خانی ، ترومبێل ، بووکی لاستیکی ، مندالی شیری ڤەدخوت ) بۆ ئەوەی مندال ناوەکان بزانن.<br>• چالاکی ( من دەتوانم هەموو ئەندامەکانی لەشم بەکاربێنم )<br>• فڕینی دەستمالەکانی رەنگاو رەنگ ، بۆ ئەوەی دەستەکان بەرز بکات و دەستمال بگریت.<br>• چالاکی ( بازنەکانی وەك یەك بە قەبارە ).<br>• چالاکی (خوشاردنەوە ) بە رێگەی بووکی لاستیکی.<br>• چالاکی ( چون بۆ سەر دوو دەرەج ) بە دەست یان خلیساندن.<br>• چالاکی ( ناوی گیانەوەرەکان ) و وێنەکانی بە چیروك یان شانوگەری ، یان لاسایکردنی دەنگەکانی بە یاریك.<br>• چالاکی ( دەربرینی هەستەکان ) بە شێوەی بازنەی دادەنیشن وە باسی ئەوە دەکەن لە کام شت تورەن و لە کام شت دلخوش دەبن.<br>• چالاکی ( نیاسینی مێوەکان / سەوزەکان ) بە هەلاویستنی وێنەی مێوەکان لە سەر کارتون.<br>• چالاکی ( چیروکی خێزان ) .<br>• چالاکی ( جل لەبەرکردن ) کولاو بو کوێ یە ، پێلاو هەروەها چاکیت بو کوێ یە ....هتد.<br>• چالاکی ( شێوەکانی بیرکاری) وێنە یان دروستکردن لەسەر ئەرد بە لەسقە.<br>• چالاکی ( نیشاندانی هەژمار ) بە گورانی ( پێنچ وەردەك هەبون ) یان یاری هەر شێوەیەك دەچێتە لە جێگای خوی دا ، یان هەلبەستنی مورکەکانی گەورە هی رەنگ و رەنگ بە قەیتان. | |

| | |
|---|---|
| • چالاكی ( وەرزش ) بازنەی كەســك یان فیتك لێدان ، خویان هەلدەپەڕن گەر من بازنەی كەسك هەلگرت یان فیتك لێیدا ، وەكو سەهۆل رادەوەستن.<br>• چالاكی ( روناكی لە كوێ دێت ؟ ) .<br>• چالاكی ( تواناكانی لەش ) گواستنەوەی موكەعەبەكانی ئیسفەنجی.<br>• چالاكی ( هەر گیانەوەرێك لە كوێ دەژیت ) ( هێلین و چویچك ، ماسی و دەریا ،پەز و كولك وە بەم شێوەیە ) بە نیشاندانی وێنە یان وێنەكێشان  بە دەست لەگەل مندالان .<br>• چالاكی ( وێنـەی شــتی وەك یـەك لـە بەرانبەر یـەك ) یاری ئامادە یان بە دەست دروست دەكەین.<br>• چالاكی ( یاری من هی خویشـــەویســـت ) یاری خۆی لە مال بێنێت و ناوی بلێت ، وە بوچی حـەز لێ دەكات ، رەنگی ئـەو وە بەم شێوەیە ....<br>• چالاكی ( دەست مەكە شەمال ) .<br>• چالاكی ( زانینی زمان ) بۆ من ئەو یاریانە بێنن كە ناوەكانیان پێ دەلێم.<br>• چالاكی ( ووشەكانی من )<br>• تابلویەك ( كارتون ) لە ســەر تابلویەك ، من دەیەوێت بچم بۆ ســەرشــوو (وێنەی ســەرشــوو) ، یەكێكی تر من برســیووم (مندالێك خواردن دەخوات)، یەكێكی تر من تێنومە ( مندالێك ئاو ڤەدخوات ).<br>• چالاكی ( ئاوێنە) خو ناسین.<br>• چالاكی ( چوونی بۆ بازار لەگەل دایك) ، بە شانوگەری بێت .<br>• چالاكی ( ئەگەر یەكێك خەوتو ( نووستن ) بێت ئێمە چی دەكەین ) . | |

## تەمەنی دوو ساڵی بۆ سێ ساڵی

| قوناغی دوو ساڵی بۆ سێ ساڵی | |
|---|---|
| چاودێری منداڵ | • لە باخچە لە سەر پێلك / دەرەج سەردەكەوم ، یاری خلیسكاندن دەكەم.<br>• یاری موركەكانی گەورە هی ڕەنگاو ڕەنگ و قەیتان.<br>• وێنەكێشانی ئازاد.<br>• پوزل puzzle.<br>• یاری پایسكلێكی بە سێ تاییرە لە باخچە ، هەروەها هەر یاریەكی تر . |
| خواردن و ڤەخواردن | • خواردنی بەیانی ئامادە دەكەین.<br>• لەفێكی زەرزەوات ئامادە دەكەین .<br>• هەر یەك كەرەستەیەك دەهێنێت لە... |
| نووستن | • ئەگەر بیەوێت بخەوێت ، جێگای تەرخانكراو هەبێت . |
| پاككردن | • من بە تەنیا سەرشوو بەكاردەهێنم.<br>• ژوورەكە ڕێكدەخەین<br>• جل و بەرگەكان ڕێكدەخەین (چالاكی)<br>• دەستەكانم دەشوم و خاوێن دەكەم.<br>• ڕێكخستن و ڕێكوپێكردنی پول .<br>• هەلگرتنی پاشماوەكان<br>• پێلاو بەكاردەهێنم<br>• زنجیرەی چاكێت دەگرم |
| فێركردن | • چالاكی ( لەسەر دەرەج سەردەكەوین ).<br>• چالاكی ( كردنەوەی قوفلەكان ).<br>• چالاكی ( ئەندامەكانی لەش ) بە گورانی یان وێنە یان بویكی لاستیكی ، بو زانین توندوتیژی سكسیش بەكاردەهێنرێت.<br>• چالاكی ( زانینی ڕەنگەكان ) بە ڕێگەی یاری ( من میكومە ) كارتی ڕەنگاو ڕەنگ كە دوو تا ســێ ڕەنگ دەدەنە منداڵ و |

| | |
|---|---|
| | ماموستا دەلێت : ( من میکومە ) ، من رەنگی سور دەوێت وە ئەوەی من دەستی لێدا ئەو دەبێتە ( میکو ) و بەم شێوەیە.<br>• چالاکی ( وەرزشی بەیانی ) وەك كێوریشك هەلاوێتن.<br>• چالاکی ( یاری بازاری ) و کڕین و فرۆتنی کەل و پەلەکان.<br>• چالاکی ( یاری کوردی هەی چلی چانە ).<br>• چالاکی ( نیشاندانی قەبارەکان ) وەك موکەعەب لە بچوکەوە بو مەزنەوە .<br>• چالاکی ( جل لەبەر خوکردن ) .<br>• چالاکی ( شانوگەری دەربارەی هەلویستەکان ) .<br>• چالاکی ( تەرکیز) یاری ( من دەبێت لە چوار گوشە دەرنەکەوم)<br><br>• چالاکی ( بەرێوەچوون بە هاوسەنگی ) بەکارهێنانی کوفك بەشێوەی پیتی z.<br>• چالاکی ( هەستەکانی ئێمە ) چاو بو دیتن ، گوێ بو بیستنەوە و .... .<br>• چالاکی ( کی دەبێتە نێچیروان ) ، هەر کەسی توپ پێبکەوێت.<br>• چالاکی ( هێمایەکانی هاتوو چوو ) ، شانوگەری و کردنی جل و بەرگ .<br>• چالاکی ( بەکارهێنانی جێناوەکان ) چیروکی / پاوان دەیەوێت ترومبێل بەکاربێنێت ، و تو چی دەیەوێت مندال هەول دەدەن جێناو بەکاربێنن ، من دەیەوێت، ئەو دەیەوێت ، تو دەیەوێت.<br>• چالاکی ( گرێدانی قولپەکان ).<br>• چالاکی ( وەرزەکانی سال ) .<br>• چالاکی ( پیاوی ئاگرکوژاندنەوە ) . |

| | |
|---|---|
| • چالاکی ( یاری زمانی ) ئەو شتانەی لە ژور دا هەن ، من شتێکی داری دەبینم ، شتێك دەبینم کە شوشەیە ( پەنجەرە)<br>• چالاکی ( هەژمارکردن ) بە گورانی : مریشکی سپی ، ناوی ئەو سیسێ یە ..هەر هێلکەیەك یان دوو دەکات و سێ چیچەلوکی هەیە ١-٢-٣ و ....<br>• تێبینی / ئەگەر مندال هی گوهدار بێت لە هەر هەفتەیەك دا هەژمار زیاد دەکرێن تا دەگاتە ژمارە ١٠ .<br>• چالاکی ( نیشاندانی کێشەکان ) گران ، سووك ، بە رێگەی یاریەکان .<br>• چالاکی ( شوان و مەڕ / پەز ) لەسەر دەورە .<br>• چالاکی ( سوکایەتی بە یەککردن) یاری بە یەك دوو کردن ، چیروکی کویسەلە و کێوریشك.<br>• چالاکی ( سلاو کردن ) .<br>• چالاکی ( ئاخاوتنی جوان ) من دەتوانم ئاو بخومەوە ، ئاخاوتنی : بەلێ ، ببورە ، سوپاس.<br>• چالاکی ( ناسینی رەگەز ) ئەمە کچە ، ئەمە کوڕە ، بەکارهینانی وێنە یان شانوگەری. | |

## تەمەنی سێ سالی بۆ چوار سالی

| قوناغی سێ سالی بو چوار سالی | |
|---|---|
| • هەویری یاری بو مندالان دروست دەکەین و بە مندال دەلێین ئەم گیانەوەرە دروست بکە.<br>• یاری لەناو باخچە.<br>• یاری باخچەی (غاردان ، پایسکلێل.....).<br>• چولانێ.<br>• یاری ئازاد کە پەیوەندی بە کوڕ و کچەوە هەیە. | چاودێری مندال |

| | |
| --- | --- |
| | • هێلی راست بە مەقەس دەبڕێت.<br>• وێنەی وەرزەکان دەبڕم و بە کارتونەوە لەسقە دەکەین .<br>• وەرزش . |
| خواردن و ڤەخواردن | • دروستکردنی سفرەی خواردن .<br>• من هەموو شت دەخوم .<br>• لە دەستپێکی خواردن بە ناوی خوای گەورە دەستپێدەکەین و لە دوای خواردنیش سوپاسی خوا دەکەین .<br>• دروستکردنی خواردن لەگەل مندال وە هەر یەك کەرەستەیەك لە مال دێنێت ، یەك خیار ، یەك پەطاط ، یەك پیواز وە بەم شێوەیە .<br>• بە دولك ئاو تێدەکەم .<br>• من خوی خواردن دەخوم .<br>• روژانە کام خواردن هەیە ، منیش ئەو لەگەل هاورێکان دەخوم. |
| نووستن | • ئەگەر بیەوێت بخەوێت جێگای تەرخانکراو هەبێت . |
| پاککردن | • دەستەکانی خوم دەشوم لە پێش و پاش خواردن.<br>• لووتی خوم پاك دەکەم .<br>• سەری خوم شە دەکەم.<br>• شتی کەوتووە لە سەر ئەرد نایکەمە لەناو دەمی خوم.<br>• پاککردن..... من خوم دەچمە دەستئاو. |

| | |
|---|---|
| • چالاکی ( سەر پێلك دەکەوم ) .<br>• چالاکی ( چونیەتی جل و بەرگ لەبەرکردنەوە ).<br>• چالاکی ( پازل وێنەی مالێك ) کە بە کارتون دروست دەکەین.<br>• چالاکی ( چیروك بە رێگەی شانوگەری ).<br>• چالاکی ( موکەعەبەکانی دار بە شێوازەکانی ئەندازەیی ) .<br>• چالاکی ( وێنەکێشانی مندالان ) هەلاویستن لە ناو ژۆر دا .<br>• چالاکی ( یاری سەهۆل ) وەك سەهۆل رادەوەستین.<br>• چالاکی ( یاری بازاری ) . بازاری جل و بەرگ ... بازاری مێوەکان ... بازاری یاریەکان بێت .<br>• چالاکی ( لێکجوداکردنەوە ) دوو کەرەستەی خواردن تێکەل دەکەین وەك (نوك ، باقلك) وە مندال لێکجودا دەکەن.<br>• چالاکی ( نیشاندانی رەنگەکان ) بە رێگەی وەریسێك هەر هەفتیەك وەریسێك بە شێوەی بازنە دادەنێت .<br>• چالاکی ( یاری رەمل / خویز ) .<br>• چالاکی ( وێنەکێشانی جەستەیی ) وێنەی مندالێك کە ئەندامی لەش دیار بێت و داوا لێ دەکرێ وێنە دروست بکەن لەگەل ووتنی ناوەکانی بۆ نموونە : کوا ( سەر ) کوا ( پێ ).<br>• چالاکی ( توندوتیژی سکسی ) کام پارچەی لەشی ئێمە نابێت کەس دەست لێبکات ، بە وێنە دیار دەکەین .<br>• چالاکی (سەرئاو کەوتن و نقوم بوون)حەوزێك هەندێك ئاو تێدەکەن لەگەل یاریەکی دار و لاستیکی و کانزایی .<br>• چالاکی ( چاپکردنی پییان و دەستان بە رەنگەکانی تایبەت).<br>• چالاکی ( قەبارە ) چاپکردنی پێلاوی گەورەکان وە هی من .<br>• چالاکی ( موگناتیس ) هەندێك شت رادەکێشیێت.<br>• چالاکی ( نیشاندانی دەم / کات ) بە ئاسانی وەك هەندە خولەك ماوە بۆ ئەوەی یاری ئێمە کۆتایی بێت.<br>• چالاکی ( جێگای بەرز و نزم ) .<br>• چالاکی ( کولاو لە کارتون دروست دەکەن ). | فێرکردن |

- چالاكی ( نیاسینی رەگەز ) بە گورانی
- ناوی كام ( پاوان )ە .... پاوان كورە یان كچ .... تەمەنی پاوان چەندە ....؟
- ناوی كام ( شالین )ە ..... شالین كچە یان كورِ .... تەمەنی شالین چەندە ....؟
- چالاكی ( دیاركردنی هەستەكان ) چیروك ، شانوگەری ، بە وێنە .
- چالاكی ( نیشاندانی وەرزەكان ) بە رێگەی گورانی ( ستران ) .
- چالاكی ( نیشاندانی پیتەكان ) بە رێگەی ناوی شتەكان وەك من شتێك دەبینم بە پیتی (ش، ر ب، ت، د،ژ،پ،...) هەر جارێك سێ یان چوار پیت ئەگەر مندال وەربگرن دەتوانن زیاتر لێبكەن .... بۆ هەموو سال بەكاردەهێنرێت لە تەمەنی سێ بو چوار.
- چالاكی ( سیبەری من ) لە باخچە یان بە رێگەی گلوپێك.
- چالاكی (رەنگەكانی سەرەكی ) من سەركێشم ، من رەنگێ سور دەوێت .....
- چالاكی (نیشاندانی پیشەكان) دكتور، پولیس، ئاگركوژاندنەوە، نێچیروان...بە وێنە یان شانوگەری یان چیروك .
- چالاكی قەبارەكان ، یان ( شێوەی بیركاری ) ( سێ گوشە ، چار گوشە ، بازنە ، لاكێشە ).

ئامادەكراوە لە لایەن /بەرێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی كومەلایەتی
بەشی داینگەكان
بە هاوكاری لەگەل / بەشی پارێزگاری خێزان / بەشی پلان